# "علوج "رەمزيك بۆغروری نەتەوەیی؟

**خەسرەو سایە**
k.saya@ukonline.co.uk



یەکەمجار ووشەی "علوج" لەلایەن محمد سعید صحافی وەزیزی راگەیاندنی رژیمی بەعسەوە، وەك یەكیك لە زاراوە پروپاگەندەکانی جەنگ بەکارهات وپاشان بەخیرایی لەپانتایی دەزگاکانی راگەیان و زمانی دەربرینی رووداوەکانی جەنگدا جیگای گرت و دواتریش لەگەل رووخانی رژیمدا، خۆی کیشایە سەر زمانی خەلك لەشارەکانی کوردستان وبەمجۆرەش بەکارهینایینکی سیاسی وکۆمەلایەتی بۆ پەیدابوو. دەستەواژەکانی وەك"سەیارەی علوج"، "پارەی علوج"، "علوج خۆیەتی"...تا دەگات بە"کریکاری علوج"کە رۆژانە، خۆبەخۆ لەفۆرمیکی گالتەئامیز و بەراوردکاری‌دا، کەلیننەکانی "فەرهەنگی کوردی" پردەکاتەوە، نیشان ئەدات کەپرۆسەیەك بۆماناکردنەوەی پیوانە وبەها کۆمەلایەتی‌یەکان، لەپشتی زارەوەی "علوج"ەوە کەوتۆتەری وگەرەکیەتی جیاوازی‌یەکانی نیوان " ئیمەو ئەوان" لەغروریکی نەتەوەیدا بکاتە ئەقلەیەتی کۆمەلگایەك کە هیشتا جەنگ و پیکدادانی نەتەوەیی تیاگەرمە. بەلام وەختیك ئەم زاراوەیە خۆی دەکاتە پاشگری ووشەی"کریکار" پەیامەکانی لەوە زیاتر دەروات کە تائیستا لێ ی بەدەست هاتوە. کەوایە ئەوپەیامانە چین و چ ریوایەتیك لەریگای پیتەکانی "ع- ل- و-ج "ەوە بەگۆی ی کۆمەلگادا ئەدری؟

میژوو لەهەردەورەیەکدا بەزمانی خۆی دەدویٚ.. بەلام زمان کاتیك دەتوانی گوزارشتگەری میژوو بیت، کە کودەکانی خۆی لەو وشانەوە بەدەست هینابیت کەلەزاری بزوتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکانەوە داکەوتوە و لەپیناو هەلخراندنی خەلك و بردنیان بۆ نیو کیشمەکیشە سیاسی وچینایەتی‌یەکان تەعبیرن لەئاسۆ وئامانجیکی تایبەت. بەواتایەکی‌تر زمانی جەماوەری وزارەوەکانی سەرزاری خەلك ئەگەرچی کودەکان و دەلالەتەکانی هەرمیژوویەك دەخەنەروو، بەلام ئەوە خودی جەماوەرە کەراستەوخۆ دەبیتە بابەتی کارتیکردنی ئەو حیزب وبزوتنەوە کۆمەلایەتی‌یانەی کەلەرووداوەکانی ئەو میژووەدا خەریکی ئالوگۆرپیدانی کۆمەلگاو شکلپیدانی داهاتویەکن بەقازانجی خۆیان. زارەوەی "عەلوج" و پاشگرەکانی ناتوانی لەم حوکمە بەدەربی.

نزیکەی دووسالی رابردوو، ئەگەرچی لەباری زەمانی‌یەوە میژوویەکی یەکجار کورتە، بەلام دەوەرەیەکی خویناوی کەکۆمەلگای عیراقی کردە مەیدانی ئالوگۆریکی گەورەی سیاسی و کۆمەلایەتی، ئاراستەکانی بەتەواوی جیهانی داگرت وجەنگ وداگیرکاری وبەریکەوتنی سیناریۆیەکی رەشی کردە چوارچیوەیەك بۆ دەرکەوتن و چالاکبوونەوە و کیشمەکیشی چەندین دەستەوتاقم و ئەحزابی سیاسی لەدەوری بزوتنەوەکانیان.. ناسیونالیزمی عەرەب و ناسیونالیزمی کورد وەك دوو بزوتنەوە لەدوو سەنگەری جیاوازدا، دوو رەوەند ودووچارەنوسی پیچەوانەیان لەم میژووە کورتەدا لەخۆنیشاندا. بەمجۆرەش "زاراوەی عەلوج" کۆدەکانی زمانی ئەم میژووە و ئەم رەوەندە پیچەوانەیەی هەردوو ناسیونالیزمی عەرەب وکورد وکارنامەکانیان دا دەخاتەروو. کەوایە باسەرەتا لەبارەی ناسیونالیزمی عەرەبی‌یەوە بدویین:

لەگەرمەی جەنگ وپەلاماری ئەمریکا بۆسەر عیراق ناسیونالیزمی عەرەبی بەزمانی"علوج" کەوتە دوان. بەلام لەم ئاخاوتنەدا "علوج" زاراوەیك نەبوو بۆخستنە رووی راستی ئەو رووداوانەی کەلەپیشەوە بوون، تەنانەت وشەیەك نەبوو بۆنیشاندانی زولم وبەلایەك کەبەسەر خەلکی عیراقدا دیت، بەلکو پەیامی غروریکی نەتەوەیی‌بوو بۆ هەلخراندنی قوربانیانی جەنگیك کەجگەلە هیشتنەوەی دەسەلاتی بۆرژوازی عەرەبی هیچی تر ئامانجی نەبوو. غروریکی نەتەوەیی کەدەیویست بەگەرانەوە بۆ سەرگوزشتەکانی نیوە دورگەی عەرەبی وجەنگی شمشیر وەشاندنی سەروك خیلەکانی عەرەب، لەبەرامبەر پەلاماردەرانی بیگانادا، ئەوە پیشکەش بەکۆمەلگا بکات کە"عەرەبەکان" لەهەمووان نەترسترن وئامادەن لەهەر جەنگیکدا رمەکانیان وەلانین وسەری بیگانان بکەن بەسەری شمشیرەوە. بەلام ئەمە تەنها بانگەشەیەکی پوچ و بیمایەی رەوتیك نەبوو کەجەنگ ودرۆکردنی بەردەوام دووخاسیەتی جیانەکراوەیەتی، بەلکو ئەوەی لەبەرامبەر ئەم غرورە نەتەوە پەرستی‌یەدا دەکەویتەروو واقعیەتە کۆمەلایەتی‌یەکانی بزوتنەوەی بۆرژوازی و کارنامەی ناسیونالیزمی عەرەبی‌یە.

ناسیونالیزمی عەرەبی، دەسەلات و دەولەتیك کەدایمەزراند، بەرهەمی تەوازناتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەورانی دووقوتبی و پشتیوانەی روسیاو بلۆکی رۆهەلاتە. ئەم بزوتنەوەیە ئەگەرچی لەباری میژویی‌یەوە رەوتیکە لەگەل پیٚگرتنی کۆمەلگای مۆدیرنی عەرەبی، وەك بزوتنەوەی بۆرژوازی وچینە داراکانی کۆمەل دیتەکایەوە، بەلام پیکهاتی ئایدیۆلۆژی وبنیادە فکری‌یەکانی بەتەواوی لەرابردوودایە. ئیسلام و رەگەز(ethnicity) وفەرهەنگی تیرەگەری وخومالی–رۆژهەلاتی، پایە سەرەکی‌یەکانی بیرو ئایدیۆلۆژیای ئەم بزوتنەوەیەی داگیرکردووە. راوەستانەوە لەبەرامبەر ئیستعمارو دیاردەی داگیرکاری و بەمجۆرەش "ئەنتی بیگانەیی" و "ئەنتی رۆژئاوایی" هەویەتی سیاسی ئەم رەوەتەیە. دەولەت ونیزامیکی سیاسی کەلەسەر بناغەی هیزی کاری هەرزان وسەرەو ژیربوونەوەی داهاتی نەوت دامەزرابوو نمونەی دیکتاتۆری‌یەکی بیپەردەو ئەوپەری بیمافی وزولم وسەرکوتی لەبەرامبەر کریکاران و زەحمەتکیشان و سەرجەم کۆمەلگادا راگرت. غروریکی نەتەوەیی کەپشتی بەم واقعیەتانەوە دابوو سەرەنجام ناسیونالیزمی عەرەبی لەبۆتەی فاشییزمی کویرانە و فەناتیزمدا گەیاندە ترۆپکی خۆی.

ئەگەرچی خورانەگرتن لەجەنگدا لەبەرامبەر ماشینیکی میلتاریستی گەورەی ئەمریکایی و بەنسیب بوونی شکستیکی حەتمی، راستی‌یەکی پیشوەخت بوو. بەلام ئەم شکستە ناتوانی پەیامی بەستنی فایلی ناسونالیزمی عەرەبی و غروریکی نەتەوەیی بیت کەمیژووی کۆمەلگای عیراقی بەئاگرو خوین نوسیوەتەوە. بەلکو ئەوە خودی جەنگ وداگیرکاری و میلتاریزمیکی جیماوی ئەمریکایە لەعیراق خوینی تازە لەنیو دەمەرەکانی نەتەوەپەرستانی عەرەبی‌دا دەژینیتەوە.. پەیدابوونی ناوی یاوەر و حکومەتەکەی وهەرەشەیەك کە لەبەرامبەر داواکاری خەلکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆم کردی، نیشانەیەکن لەوەی ئەمریکاو جەنگ وسیناریۆیەك کەلەعیراقدا بەریی خستووە، ناکۆکی‌یەکی ئەوتۆی لەگەل ناسونالیزم و ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیزمی عەرەبی و بنیادەکانیدا نی‌یە، بەلکو ئەوەی ئەو لەرەوتی ململانی وجەنگیدا لەدژی رژیمی بەعس بەدواوەی بووە سرینەوەی صدام و رژیمەکەی بوو لەپانتایی‌یەکدا کەناسیونالیزمی عەرەبی خاوەنی‌بوو. هەربۆیە زیندوراگرتنی هەویەتی قەومی عەرەبی وشکلدانەوەی دەولەتی داهاتووی عیراق بەم هەویەتەوە ئیحتمالیکی ئەکیدە. چونکە ئەمە پیداویستی‌یەکی بنەرەتی هینانەکایەوەی دەسەلاتی چەقبەستووی گشت بەشەکانی چینی بۆرژوازی‌یە کەدەتوانی بەهۆیەوە عیراق لەخەتەری "جمهوری دووەمی ئیسلامی" لەناوچەی کەندوادا دەرکیشی و هاوکات لەپرۆسەی دابەشکردنەوەی دەسەلاتدا رەوەندیکی ئارام بۆ دەستپیکردنەوەی دەورەیەکی نوی لەکەلەکەی سەرامایە لەعیراقدا فەراهەمبهینی.

رووداوەکانی ئیستای عیراق بەرۆشنی نیشان دەدەن، کەهیشتا زارەوەی "علوج" کودیکە بۆ هەستانەوەی رەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی و دووبارە بەرهەمهینانەوەی حکومەت و دەولەتیك کەنمونەکەی زیاتر لەنیوسەدەیە خەلکی عیراقی لەهەویەتی ئینسانی وکۆمەلایەتی ومافی هاولاتیانی یەکسان بیبەشکردوە.

بەلام لەم میژووەدا ناسیونالیزمی کورد رەوتیکی پیچەوانەی تیپەراندووە، رووخانی رژیمی بەعس ئەگەرچی لەروالەتدا سەرکەوتنیکی بەم بزوتنەوەیە بەخشی ولەم پەیوەندەشدا زاراوەی "علوج" لەبەکارهینانیکی کۆمیدیدا وەك نیشانەیەك بۆ سەرکەوتن وغروری نەتەوەیی هاتە سەرزاری خەلکی کوردستانەوە، بەلام ئەم سەرکەوتنە هەرگیز بەمانای سەرکەوتنی خەلکی کوردستان ورزگاربوونیان لەبەلاو موسیەتەکانی کیشەیەکی نەتەوایەتی نەبوو کەسالەهای سالە میژووی ژیانی ئەوانی پی لەقالب دراوە، تەنانەت سەرکەوتنیك نەبوو کەبچوکترین ئالوگۆری بەقازانجی باشتربوونی ژیانی خەلکدا هینابیتەکایەوە. بەپیچەوانەوە ئەوەی لەسیناریۆی ئەم سەرکەوتنەدا بووە ئەنجامیك، دانانی خەلکی کوردستان وئومیدەکانیان بوو لەپشت سەری سیاسەت وجەنگیك کەئەمریکا لەعیراقدا بردی بەریوە. بەم حالەوە غروریکی نەتەوەیی وپۆزیکی سەرکەوتن کەناسیونالیزمی کوردی سەرمەستکردووە، ناتوانی ئەم بزوتنەوەیە لەماهیەتیکی ساختە وبناغەیەکی پۆچ دەرکیشی کەلەسەری راوەستاوە.

ناسیونالیزمی کورد هیچ هەقانیەتیکی نی‌یە و هەلگری هیچ جۆرە ریوایەتیکی ئازادیخوازی ورزگاری کۆمەلایەتی نی‌یە لەجەورو ستەمگەری. بەرنامەو چوارچیوە سیاسی وفکری‌یەکانی ئەم بزوتنەوەیە ونەفسی وجود وریشەداربوونی لەنیوخەلکدا کاردانەوەیەك بووە لە وجوودی ناسیونالیزمی عەرەبی ورژیمی بەعس وستەمیکی نەتەوایەتی کەبەسەر خەلکی کوردستاندا دایسەپاندووە. بۆرژوازی کورد کەبەئالای کوردایەتی‌یەوە ئیدعای رزگاری نەتەوایەتی لەرژیمیکی عروبی کردووە، خۆی لەباوەشی سەرمایەداری عیراقی وناسیونالیزمی بەعسدا گەورەبووە. پرۆسەی ئیسلاحی زەراعی سەرەتای سالانی 70کان و سەرهەلدانی سەرمایەداری و بازاری کاروکالا لەعیراق و رۆچوونی کوردستان بۆنیوئەم بارزارە، داواکاری بۆرژوازی کوردی بۆ بردنی نرخی هیزی کاری هەرزانی کریکارانی کوردستان لەمبازارەدا کردە ئامانجیکی ئیتسراتیژی وبەلەئارادابوونی ستەمی نەتەوایەتی ئەوفرسەتەی پیدا کیشەو دەعوایەکی بی برانەوەی قەومی لەبەرامبەر دەولەتی مەرکەزیدا سازکاو چارەسەرەکەشی بەمەرجی ئیمتیاز ودەسەلات گرتنی خۆیی ببەستیتەوە.

لەم پیوەندا ئەگەرچی ناسیونالیزمی عەرەبی هەرچونیك بیت توانی دەولەت-نەتەوە لەقەوارەیەکی ناوچەپی‌دا داریژی، بەلام سەربەخۆیی ودەولەت-نەتەوە، بۆ ناسیونالیزمی کورد مانایەکی نی‌یە. بەقەد ئەوەی لەریکەوتنیکی سیاسیدا بەناوی فیدرالیزم وشتی لەمجۆرەوە، لەگەل دەولەتی عیراقدا بسازی و دەرگا بەرووی سەرمایەو قازانج هینانی بۆرژوازی کورد لەبازارەکانی عیراقدا بکاتەوە. بەشدرای لەهەلبژاردن وەك ریگایەك بۆسازدانەوەی دەولەت لەعیراق وهەولدان بۆ لکاندنەوەی کوردستان بەم دەولەتەوە کە13 سالە بەکردەوە سەربەخۆیە، سیاسەتیکە پشتی بەم بناغەمادی و چینایەتییەوە داوە. لەمەش سەیرتر سیاسەتی ناسیونالیستی بەگشتی بەپی‌ی دروشمەکانی "بیگانە بۆدەرەوە" و بۆ"یەکیتی خاکی نەتەوە" ئاراستەیە، بەلام ناسیونالیستی کورد کەسالانیکی زۆر لاوانی کوردستانی بەدژی داگیرکەران و بۆ"رزگاری خاکی پیرۆزی کوردستان" هانداوە، لەم میژووە کورتەدا چەندین جار نمونەی سیاسەتی پیشلەشکری کردن بۆداگیرکەران و پارچەپارچەکردنی کوردستانی لەخۆنیشاندا.

لەباری ئایدیۆلۆژی و فکریشەوە ناسیونالیزمی کورد نمونەیەکی هەرە داماو دەخاتە پیشچاو. ناسیونالیزمی عەرەبی ئەگەر ریزیك لەبیرمەندانی خۆی لە"صاطع الحصری وە تائەلیاس فەرح" هینابیتە دەرەوە و بەزمانی "فیختە" و رۆمانسیزمی فەرەنسایی لەبارەی "ئیرادەی نەتەوە" وسیاسەتی نەتەوە"وە دوابن، ئەوا داماوی بیری نەتەوەیی ناسیونالیزمی کورد لەوەدایە کەبەزمانی مەلاو شیخ وشاعیرانیك دەدوین کە سەرچاوەی فیربوون و بیرکردنەوەیان رۆشنبیری‌یەکە کەلە"نەتەوەی سەردەست"ەوە داکەوتووە. تەقدیس کردنی خسوسیاتی خۆجی‌یی وفەرهەنگی عەشیرەتی – ئیسلامی تیکەل بەدەمارگیری رەگەزی وپاشماوەکانی کۆمەلگای داخراو لەسەردەمانی پیشیندا..ئەمانە بابەتەکانی بیرو ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیزمی کوردی پیك هیناوە. لەبارەی کۆمەلایەتی وسیستەمی ئابووریشەوە 13 سال تەجروبەی دەسەلاتداریتی یەکیتی پارتی بەسە بۆ مایە پوچ بوونی ناسیونالیزمی کورد، کردنی کۆمەلگا بەئۆردوگایەکی چاوەروانی و راگرتنی لەسەر هەمان سیستەمی ئیداری ویاسایەك کەبەعس لەکوردستاندا بەریوەی بردووە، لەبنەوە ئەو غرورە نەتەوەیی‌یە تورهەلدەدات کەلەزمانی ئەم بزوتنەوەیە ئاراستەی کۆمەلگاو خەلکانی دەوربەری دەکات. لەکاتیکدا "ئەتاتورك" و"دام حسین" لانی کەم توانیان دەولەت و

سیستەمیکی بەریوەبردنی باشتر لەچاوپیشوویان پیشکەش بەخەلکی ژیردەستی خۆیان بکەن، ئەویش لەماوەیەکدا کە زۆرتر نەبوو لە ماوەی دەسەلاتداریتی تالەبانی وبارزانی. تەنها سەرهەلدانی کوشتنی ژنان وەك مۆدیك ودانانی کۆمەلگا بەدیار خیرو صەدەقەی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، لەکەنار گیرفان پرکردنی کاربەدەستانیك کەتازە لەشاخەوە ئیدارەی شاریان گرتۆتە دەست، بەسە بۆ سەلماندنی راستی پیچەوانەبوونی ناسیونالیزمی کورد لەگەل کۆمەلگای مەدەنی کوردستاندا..

بەم خاسیەتانەوەیە ناسیونالیزمی کورد لەم میژووەکورتەدا کایەیەکی دوراو بەپۆزی سەرکەوتن و غروریکی نەتەوەیی‌یەوە تیدەپەرینی. وەئەگەر بەزمانیکی سادە کارنامەی ناسیونالیزمی کورد لەم کایە دۆراوەدا کورت بکەینەوە، تەنها پرەنسیپیکی دژی ئینسانی وسیاسەتیکی پوچی لیدەردیت. ئەویش ئەوەیە: بینیمان کەچۆن ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی بەدور لەهەر پرەنسیپیکی ئینسانی، بەبەهانەی پشت لەزەوی دانی "دوژمن"یك، درندەیەکی گەورە، بەماشینکی گەورەی میلیتاریستی‌یەوە هینایە سەرژیانی منالان وژنان و خەلکی بیتاوانی عیراق و"پیشمەرگە قارەمانەکانیان" لەریزی پیشەوەی جەنگیکدا راگرت کە کاولکاری وکوشتارو تیرۆرو دارمانی یەك کۆمەلگای بەدوای خویدا هیناوبەمجۆرەش ناسیونالیزمی کورد پرەنسیپی ئەوەی خستە ئەم میژووە کورتەوە کە" نەتەوەیەکی چەوساوە هەقیەتی بۆ پشت لەزەوی‌دانی دوژمنەکەی نەتەوەیەکی تر قەسابی بکاو کۆمەلگایەکیش کاول بکا!!".

بەلام سیاسەتیکی پوچ کەپشتی بەم پرەنسیپەوە دابوو، وەدەرنانی صدام و رژیمەکەی بوو، لەسەریکەوە و خۆگریدانەوە بەناسیونالیستی عەرەبی و یاوەرو عەلاوی‌یەوە لەسەریکی‌ترەوە، ئەوەی هاتە نیو ئەم بازنەیەوە، هاوپەیمانیتی‌یەك بوو لەگەل سیستانی و دەیان مەلاو ئاخوندی"شیعی وسونی" وسەرۆك عەشیرەتی عەرەبیدا. دوراوی لەم سیاسەتەشدا لەوەدایە کەژیانی ئیستا و چارەنوسی خەلکی کوردستان بەسادەیی تەسلیم کراو بەدەولەتیکەوە دەلکیندریتەوە کەلەناوەرۆکدا هەمان پیناسەی دەولەتی بەعس وعروبی-ئیسلامی دەبی، بەمجۆرەش خەلکی کوردستان قوربانی یەکەم وئاخری ئەو کارنامەیەك دەبن کەناسیونالیزمی کورد لەم میژووەدا تییدەپەرینی.

بەلام لەهەموو ئەم میژووەو کارنامەیەکدا کەراستی‌یەکانی خرایەروو، نابی ئەوە لەبیربچیت کەکاتیك زاراوەی "علوج" دەبیتە پاشگری ووشەی کریکاران و"کریکاری علوج" ی لیبەرهەمدیت. لەمەشدا ناسیونالیزمی کورد غروری نەتەوەیی تا ئاستی یەك تەحقیری کۆمەلایەتی وچینایەتی، لەبەرامبەر خەلکی عەرەب زمان و ئەو کریکارانەی کەبۆ کار روویان کردۆتە شارەکانی کوردستان دەباتەپیشەوە، کەبەشیکیان کوردەکانی ناوچەی شیخان و موسل و کەرکوك وخانەقینن. ئامانجیش لەمە هەرئەوەنی‌یە زمان وفەرهەنگیك جیبکەویت کەبرەو بەراسیزم وقەوگەرایی بداو زەمینەکانی شەرودەعوای قەومی و بەرینکردنەوەی قلشتی نیوان خەلکی کوردستان و"ئەوانی‌تر" راگری، بەلکو تەحقیرکردنی کریکاران وچینی کریکاری کوردستان ورەسمیەت دانە بەجۆریك لەهیزی کاری هەرزان و بیبەها لەروانگەی کۆمەلایەتی‌یەوە، لەبەردەم سەرمایەدارن و بۆژوازی کورددا، هەروەك چون غروری نەتەوەیی ئیسرائیلی‌یەکان بەرامبەر بە "کوردە جووەکانی" نیو دەولەتی تازەدروست بووی ئیسرائیل بەداهینانی زاراوەی "کاری کوردان"لەکۆمەلگادا چەسپاندیان .

بەلام ئەوەی کەدەبی لەم میژووە کورتەدا ولەبەرامبەر ئەم غرورە نەتەوەییە پووچانەی هەردوو ناسیونالیستی عەرەبی و کوردی، سەرنجی جەماوەری خەلکی بۆ راکیشری ئەوەیە کەرزگاری کۆمەلگای عیراق لەغرورو نەعەرەتەی قەومی وئاکامە تراژیدی‌یەکانی وبەستنی یەکجاری فایلی ناسیونالیزم بەدامەزراندنی دەولەت ودەسەلاتیکی سکولار لەپرۆسەی گیرانەوەی مەدەنی‌یەتی کۆمەلگادا ئەتوانری مومکین ببیَ. ئازادی خوازی و پیناسەکردنەوەی کۆمەلگا لەسەر بناغەی هەویەتی کۆمەلایەتی و ئینسانی و سەلماندنی مافی هاولاتیی بوونی یەکسان بۆهەمووان بەبی ناسنامەی رەگەزی و ئاینی و چەسپاندنی ئەم راستیانە لەدەستووری داهاتوی دەولەتی عیراقدا مەرجی بناغەیی‌یە لەم پیناوەدا.. بیگومان هەلنانەوەی هەنگاوی یەکەم لەم راستایەدا کۆتایی هینانەبەجەنگ وداگیرکاری وکردنە دەرەوەی ئەمریکا و تۆرهەلدانی پیناسە قەومی و تایەفەیی و ئاینی‌یەکانی بۆ خەلکی عیراق فەوری‌ترین ئەرکی سەرشانی سەرجەم خەلکی ئازادیخوا ز و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاری‌یە لەناوچەکەدا.

**2005/2/20**